هیرۆشیما

نووسینی : فرج ماکسیم
وەرگێڕانی : خالد دلێر

ئەم شانۆگەرییە یەك پەردەییە (هیرۆشیما) کە لە نووسینی [فرج ماکسیم]ی میسرییە ، لە گۆڤاری [الطلیعة الادبیة]ەی ژمارە (9)ی تایبەتی بۆ شانۆ ، ساڵی شەشەمی ، ئەیلوولی 1980دا بڵاوکراوەتەوە ، لەسەر داوای دوو قوتابی ئامادەییو بۆ سوودی گشتیش وەرم گێڕایە کوردی .

دیمەن :ـ

هۆڵێکی چاوەڕوانی کردن لە نەخۆشخانەیەکدا ... هەندێ کورسیی ... چەند مێزێك ... لەسەر دیواری بەرامبەریان ، تابلۆیەکی گەورەی شێواوەکانی شەڕ هەڵواسراوەکە لەژێریدا نووسراوە «درۆینەی شەڕ» لە تەنیشت تابلۆکەوە ، پەنجەرەیەك کە بەسەر هەندێ کەلاوەو بۆشاییدا دەڕوانێت . لەلای چەپیشەوە ، تابلۆیەکی ترهەیە ، چەند کۆمەڵێکی پەرێشانی ، سەرلێشێواوی تۆقیو دەنوێنێ ، کە لە ژێریدا نووسراوە : «ئەی هیرۆشیما ... کوان رۆڵەکانت» . لە ژێر ئەم تابلۆیەدا ... لەسەر یەکێك لە کورسییەکان [هیراتۆ]ی ڕاوکەر ، بێدەنگ پاڵی لێداوەتەوە ، کە پیاوێکی یابانی بەساڵاچووە ، جلو بەرگێکی کۆنی ، ڕەنگ چووەی پاکی لەبەردایە ، لە چاوەکانیدا سەختی ئەشکەنجەو قووڵی دڵشکاندن بەدی دەکرێ . لەبەرپێی ئەمدا ، لەسەر زەوی [سو]ی خێزانی بە جلو بەرگێکی نەتەوایەتی «کۆمینۆ» وە دانیشتووە ، لە چاوەکانیدا ، پەلەکردنو ئارەزوو دەبیندرێ بۆ دیتنی شتێکی وەك خەون . هەندێ «خابرین پێچ»[1] بە ناو ئەو دەرگانەدا دێنو دەچن کە بۆ ناو نەخۆشخانەکە کراونەتەوەو دالدە خانەیەکی ئەو منداڵانەش لەناو نەخۆشخانەکەدا هەیە کە لە ئەنجامی کارەساتەکانی هیرۆشیماو ناگازاکی دابێ خێر بوون[2] . [سو] وەك چاوەڕوانی کەرێك ، چاوی لە خابرین پێچەکانە .

(خابرین پێچێك دەچێتە هۆڵەکەوەو بەرەو ڕووی «هیرا» دەچێ)

خابرین پێچ : منداڵێکتان لێ ون بووەو هاتوون بیدۆزنەوە ؟

هیرا : بەڵێ ... لە کورەکەمان دەگەڕێین . بلیتێکیشمان نووسیوە ، هەموو ناوونیشانەکانی کورەکەی تێدایە .

خابرین پێچ : لێرە چاوەڕوان بن ... بوذا یارمەتی هەموو لایەك بدات . (دەست بە ڕۆیشتن دەکات ، پاشان ڕادەوەستێتو سەیرێکیان دەکاتەوە .) .

بۆگەڕانەکە ماوەیەکی پێ دەچێت . منداڵەکان زۆرنو گەڕانیش لە ناویاندا دژوارە . دان بە خۆداگرتن شتێکی جوانە .

هیرا : پێنج ساڵی ڕەبەقە دان بەخۆدا گرتن ئازارمان دەداو ئێمەش هەر بە شوێنیدا دەگەڕێینو چاوەڕوانی دەکەین .

خابرین پێچ : ئارامگرتن لە بوذا نزیکمان دەکاتەوە

(خابرین پێچەکە دەچێتە دەرەوەو بێدەنگی هەردووکیان و خەمناکی هیرا دادەگرێ) .

سو : هیراتۆ .... خۆشەویستەکەم بۆچی هیوا بڕاویت ؟ لە قسەکردنو لە منیش مانتگرتووە . کەی مانگرتنەکەت دەشکێنیت ؟

هیرا : مانم لە هەموو ئەم جیهانە گرتووە کە دوژمنایەتیم دەکات .

سو : بە پشتیوانی بوذا ئاشت دەبنەوە . خوداوەند زیافەتێکی ئاولەدەم هێنەرمان بۆ ئامادە دەکات .

هیرا : (بەگاڵتە پێکردنەوە) وەك ئەوەی کە بۆ هیرۆشیما ئامادەکرا .

سو : (بە ترسو ڕاچڵەکینەوە) نا ... بێدەنگبە ... تکات لێ دەکەم ... بەم پەستییەوە قسە مەکە ، نەوەکا ئارامی خوداوەند تێکبدەیت .

هیرا : (بەتوندییەوە) هیچ شتێك ئارام لە خوداوەند تێك نادات ... سو ... کەی تێدەگەی ؟

سو : هێزی شەڕانیو سامناك هەڵیان خەڵەتاندووی . پەچەی مردنیان بەسەر چاو داداوی . جا ئەگەر بوذا گوێی لێت بێ ، قورم بەسەر چیبکەم . بەزەیی پێماندا نایەتەوە . نایەڵێ لە خەویشدا چاومان بەکورەکەمان بکەوێتەوە . تەنانەت لەو دنیاش . ماڵی وێرانم لەدەست تورەیی بوذا .

هیرا : پێم ناڵێی ؟ ئەو گوێی لە ترپەی پێی هەنگاوی بیروڕا کانمانە کەجارێ هەر لەناو مێشکماندا هاتو چۆ دەکەن ، بۆچی ئاگای لەوە نەبوو کەخانەی خۆیان هەموو لە هیرۆشیما وێرانکردو ناگازاکییان کرد بە تەنوورێك لەشی هەموو ئەوانەیان تێدا برژاند کە ئەویان خۆش دەویست .

سو : (دەست بۆدەمی دەبات ، بەگریانەوە دەپاڕێتەوە) ...

دەنگت ... وەك ئاگرێکی سووتێنەرو وێرانکەر بەرزبوٚتەوە ... وەك ... بوٚمبا .

هیرا : بەڵێ ـــ ئەی سوٚ ... وەك بوٚمبا .

سو : توبی خواونیشتمان ... توبی میکادوٚ له کەولی خوٚت دەرمەهوٚ . خواحافیزیمان لێمەکە . نەدەتوانی شێوەی ڕووی خوٚم بگوٚڕم و نە درێژی بەژن و بالام . ناتوانی ناتوانم بەوەی توٚ دەی لێی بڕوابکەم .

(سو بەسەر هیرادا دەچەمێتەوە)

گویم لێبگرە ، بهێلە سنگت بشێلم ، ئەو لەشەی لە دەوری دلتدا ، وەك پشتی کیسەل ڕەقت کردووە ، لێگەڕێ با خاو بێتەوە ، گەرمداهاتووە ، گیانت لە تاویدا ئازار ئەچێژێ ، دەلێی بەبێ ئەوشاخانە ، نارەحەتی .

هیرا : نەخێر خوٚشەویستم ، گەرم دانەهاتووە ، بەڵکوو مردووە . ئەو کاتەی شەیتانتان بەسەر هیروٚشیمادا بەردایەوە ، من لەوێ بووم . دەزانم ... لە ناو دلما جێگیربووە . بەڵێ لەگیانی مندا تووی مرد ن ڕواوە ، ئەو تووەش بەرە بەرە گەشە دەکات و پەرە دەستێنێ ، بەلام گرەوم لێ دەباتەوە ، گەورەو زل دەبێ ، نینوٚکەکانی لە دەروونم دەچەقێنێ ، ڕیشەم دەردێنێ ، هەر وەك ڕیشەی ئەو چەند ملیوٚن کەسەیان دەرکێشا ، لە دەورو بەری پەرستگاکانی بوذادا بوون و کتێب و قسە نەستەقەکانی ئەوی لێبوون .

سو : ئەو دەبینێ ... گەورەیە ... بەلام ئێمە بچوکین ، ئەو بەزەیی بە بێدەسەلاتیمان دا وێتەوە ، بوٚیە وامان لێناکا کە ئەو هەمووشتە تێبگەین . بەلام ئەو هەموو شتێك لە جیاتی ئێمە دەزانێ .

هیرا : زانینی ئەو چ کەڵکی ئێمەی تێدابووە ؟

سو : گوێبگرە ، گوێبگرە ، چیروٚکێکت بوٚ دەگێڕمەوە .

(بەکارتێ کراوی‌یەوە دەیگێڕێتەوە) :ـ

هەزاران سال لەمەوبەر بوذای مەزن ، ڕێگەی ڕاستی نیشانی خەڵکی بەهەلە چوودا دەدا ، کە خەڵك بەجێیان هێشت ، مەیموونێکی بچووك هاتە لای و پێی ووت :ـ ئەگەر ڕاستە توٚ مەزنی وابکە کە من هەموو جیهان لە چاو تروکانێکدا ببینم ... بوذا ... لە پێدەستی ڕاخست و مەیموونەکەی هەلگرت .. مەیموونەکە لە خوٚشیانا ، لەسەر نینوٚکی پەنجەکانی بوذا وە هەڵسایە سەرپێ و دەیەویست بە دەوری پەنجەکانیدا بسوڕێتەوەو لە کوێ هەرپەنجەیە کوٚتایی دێت . پاشان دەستی‌کرد بە خوٚ نقوم کردن لەناو ئارەقەی ناو خەتە کانی لەپە دەستەکەدا کە بوذا هێنایە خوارەوە لێی پرسی ی چیت دی ؟ .

مەیموونەکە ووتی : وولاتێکی زەوی فراوان و دەشتێکی زوٚرو چیای وەهام دی کەچاو دووری‌یەکەی نابینێت . کوٚلەگەی وەهام بینی کە بەدەیان سالی دەوێ هەتالە چوار دەوریا بسوڕێیتەوە وەپێ پلکەی بەرزم‌دی کەکوٚتایی‌یەکەی دیار نی‌یەو زوٚری نەمابوو لە دەریا تێکەل بووەکاندا نوقوم ببم .

هیرا : ئاخر من مەیموون نیم «سو» .

سو : بەڵێ وایە . بەلام زوٚر جار وەها بیر دەکەیتەوە .

هیرا : بەلام من .. هەر هیچ بیرناکەمەوە . بیرکردنەوە بازرگانی‌یەکی بێ قازانجە . هەموو شتێك لەبەرچاوم کوٚتایی هاتووە . بوٚچی بیربکەمەوە . ئەی سو ، من بەچاوی خوٚم‌دیم ، توٚ سەردانی خوشکت دەکرد لە توٚکیو ، لەبەر ئەوە ناتوانی لەوەتێ بگەی کە لە هیروٚشیما ڕوویدا ... من خوٚم لەوێ بووم ، من و «ساسوٚ»ی کوڕمان . خوٚم لە گەرووە کەداڕاوم دەکرد کە ئاو نوقومی کردم و ساسوٚش لە کەناری دەریاکە ئاگای لەڕاوەکە بوو .

سو : (دەلەرزێ) ... سا ... سوٚی جوان .

هیرا : (بەردەوامە) .. لە ناکاو گوێم لە دەنگێکی گەورەبوو . بەندی دلی‌پچڕاندم (لەدواوە ، لەگەل گێڕانەوەی چیروٚکەکەی هیرادا فیلیمێك نیشان دەدرێ ، هەموو شێوەکانی وێرانکردن دەنوێنێ کە لە جیهاندا ڕووی داوە . بە سووتاندنی ڕوٚما دەست پێدەکات ... سووتاندنی هیروٚشیما ... هەتا مزگەوتی گەورەی قودس)

دیتم لافاو لە دەریاکەوە هەلسا ، ئاو دەکولا . خانووە دوورەکان بە سەرسەری منەوە دەفڕین ، پاشان دەکەوتنە خوارەوە دەبوون بە خوٚلەمێش . تەنانەت پەلەوەرەکانی هیروٚشیما لە ئاسمان دەسووتان و

دەکەوتنە خوارەوە . ماسی مردوو رووی ئاوی داپۆشیبوو . مردن بەبێ دەنگی یەکی پیلانگێرانە لەم سەرو ئەوسەری شارەکە تێپەڕیبوو . بارگرانی تاوانەکانی مرۆڤ ئەی هیرۆشیما هەمووی بۆتۆ هاتە خوارەوە . سنگی ووردو خاشکردی . بەلام جیهان هەستی بە ئازارێك نەکرد .

(هیراتی دەنگ دەبێو سو دەڵێ ... ئێی) .

سو : ئەی ساسۆ ... ساسۆ لە کوێیە ؟

هیرا : لە پاش چەند رۆژێك کە بەئاگا هاتمەوە ، شارەکەم وەك کەللە سەرێك هاتە بەرچاو کە قورسایی یەکی گەورەیان پێدا دابێ ئێسقانەکانی ووردو خاش بووبێو مێشك پەڕی بێتو لەگەڵ خوێنو ئێسقانی ووردو خاشبوودا تێکەڵ بووبێت ... لە شارەکەدا گیاندارێك نەمابوو . وەختبوو شێتبم . هەموو بووبوون بە خەڵووز . ئەوانەش کە لە مردن رزگاربووبوون ، شالاوو بای ئاگر شێواندبوونی . ئەوانەی تووشی زیانە هەرەکەمەکە بووبوون ، ئەوانەبوون کە تیشکی دڕندەکە بە لەشیاندا چووبوو لە ناویاندا بووبوو بەهەوێنی مەرگو یەك بە یەك لە ناویان دەبات . من یەکێکم لەوانە ئەی «سو» جارێ نۆرەم نەهاتووە . پێنج ساڵی رەبەقە وامن چاوەڕوانی ئەو نۆرەهاتنە دەکەم . لەگەڵ هەموو لە دەرگا دانێکدا خۆمی بۆ ئامادەکەم ... بەلام تۆ چاوەڕوانی ساسۆ دەکەیت . هەموو رۆژێك بۆ پشکنینی بۆ هەموو خاکی یابان رام دەکێشیت ... خۆمان بهاوێینە هەموو ژێر زەمینو پەناگایەك بۆ ئەوەی لە ساسۆ بگەڕێین .

(لە بەر ئازاری خۆی رادەپەڕێت لە سو دوور دەکەوێتەوە)

بۆچی لە ژێر گردۆڵکە خەڵووزو وێرانەکانی شاردا بۆی نەگەڕێین ؟

سو : (بە داچلەکینێکی شێتانەوە) ... نا ... ئەوماوە .

هیرا : زیندوە ؟ ... بۆچی هەر تەنیا ئەو ... ئایا ئەو دەسگیرانی یەکێك لە کچەکانی خوداوەندە ؟

هیرا : بەڵێ ماوە .. هیچی لێ روونەداوە ... نا ... نە پێستی سووتاوە . نە چاوێکی دەرپەڕیوەو نە قاچێکی بۆدەرەوە گێربووە ، گۆشتی سووتاوە ونە ئێسقانی رەش وەك قەتران دەرکەوتوونو نەو ... نە .

سو : (خۆی پێ ناگیرێ . بەلام بە هەمان دەنگی نزم قسەدەکات) ئەو زیندوە ... ساسۆ زیندوەو ئەژی .... بە هەمان جوانی یەکەی جارانی یەوە ، ڕووەگەشەکەیەوە ... چاوە پێکەنینەکانی ... قژە رەشە ، نەرمە ، پرەکەیو ددانە سپی یە وەك مرواریەکانیەو .

هیرا : بەڵێ ... بەڵێ ... لە ئاسمان لە باخی بوذا دا گوڵ ئەچنێ .

سو : لە باخی بوذا نا ... بە لکوو لەسەر زەوی .

هیرا : (بەگاڵتە پێکردنەوە) ... هەندێك دەڵێن ... ئاشتیو هێمنی لە سەرزەوییە .. بەلام ئەمە درۆیە(٥) .

سو : ئەوهەیە ... بەلام ئێمە نایبینین .. هەر کاتێ دۆزیمانەوە بە بیرت دەهێنمەوە .. مرۆڤ دەبینی ماوەیەکی زۆر لە شتێك دەگەڕێو نایدۆزێتەوە ... پاش ئەوەی ماندوو شەکەت دەبێ ، لە ناکاو دەبینێ وابەتەواوی ، بەبێ توێکڵ لەبەردەمیایەتی . هەموو شتێك رووتو بەبێ توێکڵە ، بەلام ئێمە چاومان بە ستراوەتەوە .

هیرا : (فکری رۆیشتووە) دەڵێن ئەوان وێنەی ئافرەتێکی رووتیان لەسەر بۆمباکە کردبوو .

سو : لەپاش سووتانەکە ، هەموویان بوون بە ئافرەتی سەربەست . با لەکاتی نوێژەکانماندا بەزەیی مان پێدا بێتەوە بۆیان .

هیرا : بەڵکوو بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ بوون . ئەوان گەورە دەبنو گەورە دەبن ... وەك نەخۆشی شێرپەنجە لە لەشی جیهاندا ... وای لێدێ جێگایەکمان بەدەستەوە نامێنێ نوێژی تێدا بکەین .

سو : دەی با نوێژ بکەین ... نوێژی هەمە رۆژە(٦) .

هیرا : ئەوە پێنج ساڵە ئێمە نوێژی هەمە رۆژە دەکەین

سو : تۆ دڵسۆزنیت لەگەڵ ئارەزڵوداو بە رووناکیی پارانەوە ناسووتێی ، بۆیە موعجیزەکە نایەتە دی .

هیرا : ئا بەم جۆرە خەیاڵ گاڵتەت پێ دەکا . ئەمەتا خۆت هەموو رۆژێك بە دڵو بەگیان دەسووتێیت ، چ موعجیزەیەك هاتەدی ؟

سو : لە پێناوی خۆمدا لێتان دەپارێمەوە ئەی گەورەی باوك .

بام مێشکتان وەك ئاسمانی دوای باران بێ گەردبێ . وەك خەیاڵ بەربڵاوبێو وەك خۆشەویستی پاك بێو وەك ڕاستی پرشنگداربێو ... لە دواییدا بە هێمنیو بە بێ دەنگی بیری لێبکەرەوەو بیر لە ساسۆ بکەرەوە . هەر کاتێك دوو ئەقڵی دڵسۆز بە یەکەوە بیر لە شتێك بکەنەوە ، ئەو شتە دێتەدی .

هیرا : پێنج ساڵە ئەی سو ... پێنج ساڵ ، ئێمە هەموو ڕۆژێك بەم شێوەیە ، وەك لوکەی تەرکراو دادەنیشین ، لە ناخمانەوە وێنەی ساسۆی جوان دێنینەوە بەرچاومان ، بە دەستی خۆمان چاو بەستەکێ لە دڵمان دەکەین ، لە ناو بێدەنگیو تاریکیدا ، خەیالات وەك دەعبا تێکمان دەشکێنێ ، لەناو تەمدا دەژین . لەگەڵ وێنەکانی جارانی ساسۆ ، دەنگە بە سۆزەکەی ، ووشە بچووكو کەمەکانی ، جلکە ڕەنگاو ڕەنگەکانیو جوولانەوە ڕێكو پێکەکانیدا دەژین . دەی هێنینەوە بەرچاو ، لەناو ئەو خەیالە شێتانەدا ژیان بەسەر دەبەین ، لە تاریکی ئەم لە هۆش خۆچوونەدا .. لە ناکاو دەنگی تێك چووی تۆبەرز دەبێتەوە ، باس دەکەی کە چۆن ساسۆ بە چاوە تەلیسماوییەکانی خۆت دەبینێتو چۆن جلکی خۆتو ساسۆ دادەکەنێتو بە خۆتیەوە دەنووسێنێت .

[سووەك خەوتوویەك ڕوو لە گۆشەیەك دەکاو لە شێوەی نوێژکردن کڕنووش دەباو وەها دەردەکەوێ کە گیانی خۆی کۆ کردبێتەوەو نوقومی خەیالاتی دەروێشانە بووبێتو هەست بە جیهان نەکات . لە دواشەوە فیلمێك هەندێ دیمەنی مرۆڤایەتی بەختیار ، خانوو بەرە ، گوڵ ، چۆلەکە ، منداڵی کامەران ، نیشان دەدا ، لەگەڵ ڕۆیشتنیدا بەدەم خەیالەوە ، بە دەنگێکی قووڵی کاریگەر قسە دەکاتو جاروبار هەناسەی خۆشییەکی وەها زۆر هەڵدەکێشێت هەر وەك بڵێی لە جیهانێکی دیکەوەبێ] .

سو : ساسۆ ... خۆشەویستەکەم ، واگەڕایتەوە ... وەرە ... بچۆرە ناو دڵی دایکتەوە ... باقژت ... نیوچەوانت ، چاوەکانت ، کوڵەکانت ماچ بکەم ... با جارێکی تریش تۆم ببێتەوە ، بەگەرمی باوەشم تێوەربێنە .

[ڕووناکی شانۆکە کز دەبێو تەمی لێ دێ . لە قووڵاییەوە منداڵێکی پێنج ساڵی زۆر جوانی قژ ڕەشی چاو گەورە دێتە دەرەوە ، بە هەنگاوی ڕێكو پێك دێتە پێشەوە ، هەر وەك بفڕێ ، یان سەمای بالیە بکات ، خۆی دەهاوێتە کۆشی سوی دایکیەوەو زۆربەی لەشی لەناو کۆشی دایکیدا وون دەبێ ، سو بە دەنگێکی مۆسیقەیی پڕ لە ئارەزووەوە قسەی لەگەڵ دەکات ، لە پشتەوە شمشاڵێك ئاوازێکی بە سۆز لێدەدا] .

سو : ساسۆ گیان ... خۆشەویستەکەم
ئەی لاوەکەم ... ئەی دایکەکەم
زۆر درەنگ گەڕایتەوە لام

دەنگی ساسۆ : دایکە گیان ... سو
بم بورە
لەو باخانەدا ئاهەنگێك بۆلۆرد سازکرابوو ...
لەوێ بانگ کرابووم لەناو گوڵاندا دەڕۆیشتم
لە کاتێکدا سروشت خەوی دەبینی
من کە خەیاڵی یاسەمیندا بووم
بۆنە خۆشەکانی ، زەعفەران ، دەستیان
گرتمو ڕێ نیشاندەرم بوون لە دەرگای گوڵە
هەنارمدا
بۆنە ساواو ناسکەکان دەرگایان بۆکردمەوە .
پاشان ، باڵیان دامێ تا بفڕم
بە خۆم ووت
بۆ ڕۆژ هەڵهاتن دەمێنم
ئەو کاتەی دایکم دەرگامان دەکاتەوەو بانگم
دەکا
لەناو گوڵاندا خۆمی لێ دەشارمەوە .

سو : ساسۆ .. ساسۆ

دەنگی ساسۆ : گوڵاو لە گوڵ دەگرم
لەسەر قاچی ئەوان بەرەو ڕوویان دەچم
لە گرانایی یە ، کەمەکەی خۆم ڕزگار دەبم
بەڕێزگرتنەوە دەڵێم :
دایکە زووکە بە گوڵاو خۆت بشۆ

سو : (بەمەستییەکەوە) ئەی تاقانەکەم . گیان گەڕایەوە ناو درەختی دڵم تۆ وەکوو گیان ، تاکە یەکێکیت .

[سو ، خەریك دەبێ تارمایی ساسۆ وەك جاری پێشوو بگرێتە باوەشەوە ... بەلام لەدەستی دەردەچێو بە هەنگاوە شێوە فرینەكانی بۆ دواوە دەگەڕێتەوە] .

هیرا : (قسە لەگەل خۆیدا دەكا)
هـە میشە ، لە پـاش ئەو مـاوە لە خەیـال ژیانـەدا ، دەكـەویتو وەك كۆلەكـەی پەرستگـاكانی هیـرۆشیما دەچیتەوە پال یەكو دەكەویتە كولی گریانیكی وەهـا ، هەروەك تۆ «ایزیس» بیتو بتەوی (نیل) یك بەفرمێسك هەلسێنیت .

سو : (هەلدەستێتە سەرپێ ، لە بـەرسەر لێشێـواوی خۆی هاواردەكا) ساسۆ

هیرا : (دلی دەداتەوە) سو ... ئەی سـو ... تازە لەگـەلتدا دانەبوو ؟ ئەی كەوابوو ، بۆ دەگریی ؟

سو : (هەروەك لە خەوێك ووشیار بووبێتەوە)
من لە خۆشیان دەگریم .. ئەی هیراتۆ .

هیرا : چەند تالە ئەو خۆشیەی بمانگرینێ ... كتێب هەلیان خەلەتاندوویی ... بروام پێبكە ئەوەی دەمان گرینێ ئەقلە ، كە دەزانێ هەندێ شت هەیە هەرگیز نایەتـە دەستەوە ... ئاژەلەكان چونكە ئەقلیان نی یە ناگرین .

سو : (هەروەك شتێكی گرنگی دۆزیبێتەوە) ... تۆ نەتدی ... تۆ نوێژت بۆ هاتنی نەكرد . تۆ بروات بە بوونی نی یە ، لەبەر ئەمە ئەویش نایەت .

هیرا : گەلیـك لەیەك دوور كـەوتووینـەتەوە .. ئـەی سو .. وادیارە ئاگری هیرۆشیما ئەقلی منو هەموو ئەو كتێبە كۆنانەی خواردبێ كە لە ناویدا هەبوون ، هەروەكـوو چـۆن گیانو كـورەكەمی سـووتانـد من بەبێ پـەناو پەسێوم . گیانم لە كەلاوەكانی جیهان رادەكشێت .

سو : ئای كە ئەت بینی .. وەك خەون جوان‌بوو ، وەك بیری فریشتە ناسكو تەنك‌بوو ... هەموو ماتەمی‌یەكت لەبیر دەچووە .

هیرا : ئەی تۆ بۆ ماتەمی‌یەكەت لە یاد دەرناچێ ؟ ئەمە تادەی بینی‌ی ، هەموو رۆژێك ، هەمـوو چاوتـروكانێـك ، بە دلێكی گـەرمی ئـارەزوو دارەوە بـە ئـەقلێكی پـر لە خـۆشەویستی پـرشنگدارەوە .. لات وایـە گۆیـا ئەو هەیە ... ئەو لەتۆدا هەیە ... دەی بینی ... هەستی پێ دەكەی ... دەستی لە مل دەكەی ... ئەی بۆچی بەو بوونە ئەفسوونی‌یە دلت ئاو ناخواتەوە ... ئەو بوونەی دروستت كردوە .

[خابرین پێچێك دێتە ناوەوە ، ئەم بۆیان دەچەمێتەوە]

خا برین‌پێچ : ئێوەن چاوەڕوانی مندالەكە دەكەن ؟ .

هیرا : بەلێ . ئێمە باوكو دایكی ئەوین .

خا برین‌پێچ : ووتتان لە تەمەنی نۆ سالیدایە ؟

سو : بەلێ ... ئەو ساسۆیە .

خا برین‌پێچ : لە مندالێك زیاترمان لەلانی‌یە كە لەو تەمەنەوە نزیك‌بێ

هیرا : ناوی چی‌یە ؟

سو : ساسۆ ... ساسۆی جوان .. گولی بەیان

خا برین‌پێچ : هەرچۆنێ‌بێ ، وابزانم خۆی هیچ شتێك نالێ وە ئێمەش زۆری لەبارەیەوە نازانین .
[بۆ هیرا ، بە شێوەی داواكردنی لێبوردنێكی نا ئـاشكرا] گـەورەم خۆت دەیـزانی كە ئـەوان زۆرن ... لە هیرۆشیماو ناگازاكیو شارەكانی دیكەوە كۆمان كردونەتەوە . لە بـەر ئەوە زۆر گرنگیمان بەوە نەداوە كە كارتیان بۆ پر بكەینەوە بـەلكـوو بـەتـەنـگ مشـوور خـواردنی ، خـواردەمەنیو جلو بەرگو فێـركردنیـانەوە بووین .

هیرا : باشە ... ئێوە فێریشیان دەكەن .. لەوانەیـە باوكیـان نەیان توانیبێت .

خا برین‌پێچ : دەولەت قەرزاریانە .

هیـرا : بەلكـوو هەمـوو جیهان (بـەگەرمی‌یـەوە) تەنـانەت خواوەندەكانیش .

خا برین‌پێچ : ئەمە راستە ... پاش تاوێكی دی ئـامادەی دەكەین . ئەگەر خۆی نەبوو ، تكا دەكەم هیوا برار نەبن .

هیرا : پێنج سالە

خـا برین‌پێـچ : هیـرۆشیمـای لاو ، لەپاش سـەدان سـال گەرایەوە .

سو : (بە تورەیی‌یەوە) كوا كورەكەم ، ئێستا چی پێویست بەو هیواو میوایە دەكا ؟ هەر ئێستا بۆمی بێنن لەناو هەزاران

کەسیش دابێ منەهێناسمەوە ،

هیرا : بەلام ئەی سۆ ، لەوانەیە بۆنی گۆڕابێت .. ئێستا گەورەبووە .

سو : شتێکی هەیە ، ناگۆڕێت .. نیشانەیەکە لەسەر پێستی ، لەسەر مەمکی ڕاستیدا لە نزیک گوێ مەمکە بچکۆلەکەیەوە ، پارچەیەکی خشت پێستی ڕەق هەیە ، موویەکی زۆری زەردی پێوەیە ، هەر وەك بلێی لە پێستی مانگا دەچێت .

خا برین‌پێچ : لەوانەیە ... وابزانم دەستە جلکە تازەکەیان لەبەرکردبێت وا دەی هێنم .

[خەریك دەبێت بچێتە دەرەوە .. دوو دلی دەنوێنێ ... شتێکی لە مێشکدایە لێکی دەداتەوە ... دەگەڕێتەوەو ئاوڕیان لێ دەداتەوە .]

تکام وایە لەبەردەمی دا خۆتان بگرن ئەوەندەی خەلك لەبەرامبەری نیشانەی سامناك دەردەبڕن ، منداڵەکە ئالۆز بووەو وایان لێ کردوو ڕقی لە خەلك دەبێتەوە .

منداڵەکە شێوەی بە تەواوی شێواوە .

[سو .. ڕادەپەڕێ .. وەك شتێکی پێوەدابێ]

هیرا : چی ؟ مەبەستت ئەوە نەبێ کە بلێی وەها شێواوە خەڵك لێی بترسێت .

خا برین‌پێچ : منداڵ هەرگیز ترسناك نابن .

هیرا : کەواتە بیهێنە

[خا برین‌پێچەکە دەچێتە دەرەوە ... هیرا بە بەزەییو سۆزەوە ئاور لە سو دەداتەوە] بێتەوە یادت ... زۆر جێگای دیی هەیە تا ئێستا نەچووین بگەڕێین .

سو : (بە پاڕانەوەکی جەرگبڕ) ساسۆ هەتا ئێستاش هەر جوانە ... وانییە

[هیرا دەستەکانی سو بە بەزەیی پێداهاتنەوەوە دەخاتە ناو دەستییەوەو بۆ سنگی خۆی دەبات . سو بە قووڵی هەناسە هەڵدەکێشێت . هیرا دەست لە شانی دەداو بەرە پەنجەرەکە دەڕواو پاڵی پێدەداو بەسەر خەمناکییە کوشندەکەی خۆیدا زاڵ دەبێ]

هیرا : (قسە لەگەڵ خۆیدا دەکا)

ئەی چەتە درەکان کە حوکمڕانی جیهانی پیاوچاکان دەکەن ... ئەی بۆچی

بەختی من ڕاو دەنێن و نانم لێ ژەهراوی دەکەن . ئەی چارە نووسی

زۆرداری سەردەم .

بۆچی ئە ستێرەکانی ئاسمانم لێ دەدزن

لەناو دەستت دا ، دەبینم خەوەکانم دەمرن

وەك چۆلەکە سەر هەلکەندراوەکان (خۆی پێ ناگیرێت)

ئەیچەتەکان

زولم و زۆریتان ناهێلێ هاواریش بکەم (سو بەپە لەدەچێ بۆلای)

سو : گەورەم ... خۆشەویستم . دەزانم خەمناکییەکەت گەلێ زۆرە بەلام تۆ لەمن بەهێزتری لێم ببورە کە لە کاتی هیوا براویدا ، گومانت لێ دەکەم .

دەنگی خا برین‌پێچ : (لە دەرەوە) وەرە خۆشەویستم لەگەڵ مندا بچۆرە ژوورەوە

[خا برین‌پێچ دەردەکەوێ و منداڵێکی تەمەن نزیك نۆ ساڵی لەگەڵدایە .. بۆی دەچەمێتەوەو بە شێوەیەك قسەی لەگەڵدا دەکا کە ووشەکانی لەوەپێش ئامادە کرابن . منداڵەکە جلکێکی سەیری لەبەردایە ، هەر لەسەریەوە گرتویەتیەوە هەتا دامێنیی]

خۆشەویستم .. گوێ بگرە .. مەترسە .. ئەو کەسانەی لێرەن هەندێ کەسن کەخۆیان لە دڵەوە ئازار دراون ، ئازارت نادەن .

[منداڵەکە وەها سەیری دەکا وەك پرسیاری لێبکا . خا برین‌پێچەکە بە هەندێ بێزارییەوە هەناسەی قووڵ هەڵدەکێشێت . منداڵەکە بەرەو هیراتۆ دەباو لە قسەکردندا دەنگی بەرزدەکاتەوە ، هیراو سو لە جێگای خۆیانەوە ڕەق بوون و وەك کە سانێکی

بیر رۆیشتو سەیر دەکەن .]
پێم ووتی چی ... هەندێ کەسی باشی لێیە .. ئا ئەمانەن . دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێ تۆیان وەك مندالی خۆیان خۆشدەوێ دەبێ تۆش ئەوانت خۆش بوێ .. تێگەیشتی .. ها ... دەتوانی لە قسەکانم بگەیت ؟
[خا برین پێچ ، مندالەکە لە هیراو سو نزیك دەکاتەوە . سو لە باوەشی هیرادا دەردەپەرێو بە سەرلێشێواوی‌و ئەسرەتەوە دەوەستێت‌و هەروەهاش هیرا]
هیرا : (ئازایەتی یەکی بەروالەت دەنوێنێت) . وەرە پێشەوە کورم . ئابزانم سەرت بەرزبکەرەوە ، با چاوە جوانەکانت ببینم .
خا برین پێچ : (بۆهیرا) کورەکە گوێی گرانە
[سوو هیرا راچلەکینێکی خێرا رادەچلەکن . خا برین پێچەکە دەستی مندالەکە دەگرێ بەرەو پێ شەوە رای دەکێشێت . لە پاشان سەری مندالەکە بەدەستی خۆی هەلدە بڕێو کۆچکەکەی لە سەرسەری دەکەوێتە خوارەوە دیمەنی مندالەکە دەردەکەوێ زۆر ترسناکە . سەری لووس وهیچ مووی پێوە نەماوە . پێستی دابڕ دابڕ بووە ، چاوەکانی داخراون‌و بە قوولا چوون . لەدەم و چاوە سووتاوەکەیدا نە لووتی‌و نە گوێچکەکانی دیارن شوێنەواری سووتانەکە لە چوار دەوری ملیەوە دەست پێ دەکات‌و لە کونی کراسەکەی کۆتایی دێ . سو ئاهێکی تێك چوون‌و سەر لێ شێوان دەردەبڕێ‌و بەلادا دێ‌و هیرا ئاگای لێ دەبێ ، زوو دەستی بۆ دریژ دەکات‌و ئەویش دەستی هیرا دەگرێ‌و لە هۆش خۆی دەچێ‌و دەکەوێ . خا برین پێچەکە مندالەکە بەجێ دەهێلێ‌و بە پەلە بۆ یارمەتی دانی هیرا دەچێ‌و ناوچەوانی سو دەگرێ]

خا برین پێچەکە : لەهۆش خۆ چوونێکی ئاسایی یە .
[بە هیرا دەلێ] ئەمە زۆر جار روو دەدا . بینینی مندالێکی شێواو گرانترە لە بینینی جهانێکی وێرانە . تکات لێ دەکەم هەندێ بچۆرە ژێر بالی یەوە ... دەچم گالیسکەیەك دەهێنم .
(هیرا بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی دەست لە شانی سو دەدا)
هیرا : سو ، سو ، گوێم لێ بگرە .
[خا برین پێچەکە بە قەرەوێلەیەکی پێچکەدارەوە دەگەرێتەوە . بە هەردووکیان سوی دەخەنە سەر] .
خا برین پێچەکە : لێدانی دلی کزە . دەبێ‌ەم بۆ ژووری بوژاندنەوە
[پال بە قەرەوێلەکەوە دەنێ‌و ئاوڕیش لە هیرا دەداتەوە]
تکات لێ دەکەم ئاگات لە مندالەکە بێ .
[پال بە قەرەوێلەوە دەنێ‌و ڕووی بەلای مندالەکەدا وەردەگێرێ]
ئومێد دەکەم ئەم فرمانە بە پەلە کۆتایی بێ .
پرسیاری لێ مەکە ، هیچت لێ ی دەسناکەوێ . توانای یادکردنەوەی شێواوە ... لەوانەیە هەر نەشمابێ . مندالەکە لەگەل ئەوەشدا کوێرە .
[هیرا بە جوولانەوەیەکی شپرزەی نەویستەوە کشایە دواوە]
[خا برین پێچەکە قەرێولەکە دەباتە دەرەوە] .
[مندا لەکە وەك یەکێکی وون بوو ، لە ناوەراستی شانۆکەدا وەستاوە . هیرا سەرنجی لێدەداو لە جێگەداو لە جێگەی خۆیەوە رەق بووە . هیرا سەری دەجوولێنێ بۆ ئەوەی هۆشی بێتەوە بەر ، لە مندالە کە دەچێتە پێشەوە . دەستی دەخاتە سەر شانی . مندالەکە

به جوولانەوەیەکی نەویست خۆی لە دەست دەربازدەکا ، لە دوورەوە دەوەستێ . هیرا جارێکی تریش هەوڵ دەداتەوە بەلام منداڵەکە بە توندیو بە نارەزایی دەگەڕێتەوە دواوە . لێرەدا سەرنج دەدەین کە دەنگی منداڵەکە هەمان دەنگە کە هاتبووە خەونی دایکەکەوە .]

منداڵەکە : گەورەم ... دووراو دوور چاوەڕ وان بە هەرچی بتەوێ پێتی دەڵێم بەلام دەستم لێمەدە .
[هیرا هەروەك گوێی لە شتێکی لەبەرکراوبێت]
من ناوی خۆم نازانم . نە باوکم دەناسمو نە دایکم . منداڵ بووم کە وولاتەکەم بەلای بەسەرداهات . لە نێوان لاشەی مردووەکاندا ، بەسەر لێشێواوی دۆزراومەتەوە . من کوڕی دەوڵەتم .. ئێمە لێرە لە سایەی ئەو چاکەیەدا دەژین کە خێرەومەندانی وەك ئێوە شتومەکمان پێ دەبەخشن .
(بەسەر سامییەوە)

هیرا : دەڵێی قسەکانت هەموو لەبەرکردوە . دەمەوێ بزانم ئایا تۆ کوڕەکەی منی ی ؟
وەرامم بدەرەوە .. قسە بکە ... بۆچی بەم شێوە سەیرم دەکەی .
من هەڵەم نەکردووە تا تاوانبار بکرێم . پێم بڵێ تۆ کوڕی منی ی ؟
(رادەوەستێ ، وەك بیری کەوتبێتەوە)
بەلام تۆ خەتات چی یە .. بۆ لە تۆ تووڕە ببم ؟
تۆ لە من ناگەی ... تەنانەت هەر گوێشت لە دەنگم نی یە .
[هیرا منداڵەکە بەگەرمی لە باوەش دەکاو تاوێ گریانی بە کوڵ دای دەگرێ)
کوڕم لێم ببوورە ... ئەی کوڕی هەموو خەڵك .. ئەی تاوانی هەموو لایەکمان .. لێم ببوورە .. ئەی ئەو فریشتەیەی لە شەیتان بوویت .
چونکە منداڵ لە هیرو شیمادا دەهێنینە دونیاوە .

[منداڵەکەخۆی دەهاوێتە باوەشی هیراوە ودەستی بەلەشی دادەهێنێت .

منداڵەکە : گیانت دەلەرزێ ... تۆ دەگریی ... ئایا بەراستیتە دەگریی ؟ بۆچی ؟
[منداڵەکە دەست بە جلكو بەرگی هیرادا دەهێنێت]
جلکەکانت کۆنن ... وەك جلكو بەرگی ئەو کەسانە نی یە کە خێرمان پێ دەکەن .. تۆ لە ئەوان نی ی .. ئایا گوێت لە قسەکانمە ؟
من قسەت بۆ دەکەم ... تۆ وەك ئەوان نی ی .
تکات لێ دەکەم لە پەنجە کووڕ بووکانم بێزارمەبە .. تکات لێ دەکەم بهێڵە با دەست لە دەمو و چاوت بدەم . بۆ خاتری بوذا ماوەی ئەمەم بدە .
[هیرا دەستی منداڵەکە دەگرێو بە ڕوومەتی خۆیەوەی دەنێ]
ئەمە فرمێسکە ؟
تۆ دەگریی . لە پێشدا ئەمەم پێ ووتی .. گوێت لێم بوو .. بەلام بۆچی دەگریی ؟ ئایا تۆش برینداریو تووش بووی ؟

هیرا : (بە دەنگێکی نزم) . بەڵێ پێکراوم
منداڵەکە : ئایا تۆش پێکاوی ؟ برینداری یەکەت لە کوێیە ؟
هیرا : لە دڵمدایە
منداڵەکە : دەستم بخەرە سەر برینەکەت . تکات لێ دەکەم . لە هیچ مەترسە دەستم زۆر پاکە [هیرا دەستی منداڵە دەگرێو دەیخاتە سەر دڵیەوە]
هیرا : ئەمەتا لێرەدایە
منداڵەکە : بەڵێ تۆ برینداری .. هەموو خەڵك بریندار بوون .
هیرا : بەڵێ ... هەموویان
منداڵەکە : هەموو جیهان برینداربوون . هەموو خەڵك . من دەزانم . هیچیشم نەبینی بەلام زانیم . لە چاو تروکانێکدا هەموو خەڵك برینداربوون بەلام بۆچی .. ؟
هیرا : هەموو جیهان خۆی دەکوژێت .

منداڵەکە : بۆچی هەموو کەس برینداربوون ؟
هیرا : چونکە بوذا دوورەو ئاگای لە هیچ نی یە .
منداڵەکە : ئایا خەڵك بە برینداری یەوە دەتوانن لە باخەکاندا گوڵ بچێنن ؟ من دەتوانم خوێندەواری فێربم ... ئەوان لێرە بەسێرەی دەست فێرم دەکەت ... کتێبەکە هەموو لەبەردەکەم . زۆر چیرۆکی تێدایە . من حەز لە چیرۆك دەکەم . کتێبەکەم چیرۆکێکی خۆشی لە بارەی هیرۆشیمای لاوەوە تێدایە ئایا چیرۆکەکەی دەزانی ی ؟
هیرا : نەخێر .
منداڵەکە : بۆتی بگێرمەوە ؟.
هیرا : نا .
منداڵەکە : دایکە ئاسمانی یەکەم لە دێر زەمانەوە بۆی گێرامەوە .
[منداڵەکە دەبێ بە حیکایەت خوان]
هیرۆشیمای لاو لەلایەن کاربەدەستەوە زوڵمی لێکرابوو بۆ ئەوەی لە دەست ئەو جەورو ستەمە رابکا ، سواری بەلەمەکەی بوو . شاژنی دەریای بۆ دەرکەوت و لە گەڵ خۆیدا بردی یە ژێر ئاوەکەوە بردی یە ناو بالاخانە سیحرا وی یە کەیەوە . بە ناو ژووری کەژەکاندا گێرای . لەهەر ژوورە ڕۆژێکی بەسەر برد .
لە ژووری هاویندا گەرمایەکی وەك ئاگر تینی بۆ هێنا . لە ژووری پاییزدا هەموو دەورو بەری بوون بە گەڵای دار . لە ژووری زستاندا ، سەیر دەکا ، هەر بارانەو بەفرە بەسەر درەختەکانەوەیە .
لە ژووری بەهاردا ، هەموو شتێك ناسكبوو بووە وەك دڵێك کە خۆشەویستی ی تێدابێ .
کە ڕۆژی چوارەم کۆتایی هات ... هیرۆشیمای لاو ، داوای مەرەخەسی ی کردنی لە شاژنی دەریا کرد تا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بۆ بینینی دایکی و براکانی ی .
شاژن ، شووشەیەکی دایەو پی ی ووت ، بۆ ئەوەی بتوانێ بگەرێتەوە شانشینی دەریا ، نەکەی هەرگیز سەری ئەم شووشەیە بکەیتەوە .
هیرۆشیمای لاو لە بالاخانەکەی دەریا چووە دەرەوە . سەیر دەکا جیهان هەمووی گۆراوە . شوێنەوارێکی دێیەکەیان وخەڵکەکەی نەدۆزیەوە . زانی ی کە چوار سەدە بووە ، بەسەر مانەوەی لە بالاخان سیحراوی یەکەدا . سەری لەوە سوورما کە ئەم هەتا ئێستاش هەر لاوەو قۆزە ویستی نهێنی ئەمە بزانێ .
سەری شووشەکەی هەڵپچڕی ی ... دوکەڵێکی وەك دوکەڵی سووتانەکەی . هیرۆشیمای لێ دەرچوو .
بەمە ، هیرۆشیما بوو بە پیرێکی تەمەن چوار سەدەیی و نەشگەڕایەوە بۆ شانشینێ دەریا ، ویستی لە خاکی خۆیدا بمرێ .
هیرۆشیمای لاو خرایە گۆڕەوە ، هیرۆشیمای شاری لەسەر ڕوا [لێرەدا منداڵەکە بە ئاگادیێتەوە ، ئاوڕ دەداتەوە ، بو هیرا دەگەرێ هێرا لە نزیك پەنجەرەکەوە ڕاوەستاوە]
ئایا تێ ی گەیشتی ی ؟
چیرۆکێکی خۆشە ، ئەی گەوەم بۆکوێ چووی ؟
[هیرا لێ ی نزیك دەبێتەوەو دەمی دەخاتە بن گوێی منداڵەکەوە]
هیرا : ساسۆ .... ساسۆ .
منداڵەکە : خەریکی جارێکی دی دەست بە گریان بکەیتەوە ؟ ئەوان لێرە ناهێڵن ئێمە بگرین . پێمان دەڵێن کە ئێمە بە توانایین . وە هەرچی یەکمان لەدەست چووە بوذا بۆمان دەگەڕێنێتەوە .
هیرا : ساسۆ ... ساسۆ .
منداڵەکە : هەرگیز مەگری . فرمێسك ووره بە مرۆڤ بەردەدا . گوێم لێ بگرە ، چیرۆکێکت بۆ باس دەکەم کە چیرۆکی خۆمە :ـ کە لەپاش سووتانەکە هاتمەوە هۆش خۆم . دەستم خستە ناو گیرفانمەوە . گیرفانەکەم تەڕ بوو ... ئایا گوێت لێمە ؟ سەیر دەکەم ماسی یەکی تێدایە ، ماسی یەکی بچکۆلە .. بڕوا دەکەی ؟ من خۆم نەم دی ی ، بەلام زانیم کە ماسی یە . لە سەرچاوم دانا ، لەگەڵ ئەوەشدا نەم

دەی ، زانیم ماسی یەکێ بچکۆلەی مردوو بوو . بە گیانی بوذا سوێند دەخۆم کە هەر خۆم زانیم .

[هێرا خۆی پێ نەگیراو هاواری کرد]

هێرا : تۆ ساسۆی .. تۆ کوڕی منی .

[هیرا دەست بۆ یەخەی کراسی منداڵەکە دەبا بۆ ئەوەی زریزەکەی بکاتەوە .. منداڵەکە بە تووڕەیی یەوە ناهێڵێت . بەهەمان بێزار بوونی جاری یەکەمەوە لێی دوور دەکەوێتەوە]

منداڵەکە : چی دەکەی ؟

بۆ چی دەتەوێ ڕووتم بکەیتەوە ؟

تۆش وەك ئەوانی ی ... دەتەوێ سەیرم بکەن . من قینم لێتانە تەنانەت ئەگەر بریندار یش بن ... لێمان دوور کەونەوە .. بڕۆن .. بەمەندە دڵت ئاونا خواتەوە کە چڕو چاوم دەبینی ی .. هەموو لەشم سووتاوو شێواو . دەتەوێ چی تێدا ببینی ی ؟ بەو هەموو گریانە تێر نەبووی

[بێ دەنگی یەکی گران ئەو ناوە دادەگرێ .. منداڵەکە وەك بۆ ڕاپەڕین ڕاوەستان ، ڕادەوەستێ . هێرا قەڵەمی دەستو پێی دەشکێ ، دادەنیشێ ، بێ دەنگی درێژە دەکێشێ . منداڵەکە بەرەو پێشەوە دەست وپێ دەکوتێ . وەخت دەبێ بگری]

ئایا ڕۆیشتی ؟ بەبێ دوعا خوازی لێکردن بەجێت هێشتم ؟ بەجێت هێشتم لە پێش ئەوەی پێت بڵێم ... سایونار ؟

[منداڵەکە لەکاتی بۆ پێشەوە چوونی دا دەستی بە هێرا دەکەوێ] ها ئەمە هەر لێرەی ؟

[منداڵەکە پەنجەکانی دەخاتە سەر گۆنای هێراوە]

بەلام هەتا ئێستاش هەر دەگری ؟ بۆچی ؟ بوذا تۆڵەمان بۆ دەکاتەوە .

ئایا برینەکەت ئازارت دەدا ؟ ئێمە هەموو مان پێکاوین . ئایا تۆ لەبەر ئەوەی سنگمت نەدی ی ، لەمن زویربووی ؟ بەلام من لەمەوپێشیش هەرگیز سنگم دەرنەخستووە ، تەنانەت لەپێش سووتانیشمدا ... داخوا دەزانی بۆچی ؟

شەرمم پێ ی بوو !

خاڵێکی خڕی وەك پێستی مانگای پێوەبوو .

ئێستا زانیت لەبەرچی شەرمم پێ ی بوو ؟ . ئێستا ئەو خاڵە سووتاوەو هیچ شوێنەوارێکی نەماوە . بەلام ئێستا لەبەر پێستە سووتاوەکەم شەرم دەکەم دەری بخەم ... بێگومان دیمەنێکی سامناکی هەیە ، بە درێژایی شەم دەستی لێ دەدەم ....

هەتا ئێستاش هەردەگری ی ؟ لێم ببوورە ... دەهێڵم پێستی لەشم ببینی ... ئەمەتا ... فەرموو ... بە پەلە سەیری بکە .

[منداڵەکە زریزەی یەکەمی یەخەی دەکاتەوە ... بە پەلە هێرا بۆی دەچێ .... بە بێ ئەوەی سەیر بکات ، کراسەکەی دادەخاتەوە . منداڵەکە بە تاسو ئارەزووو بڕوا پێکردنەوە وەشی دەگرێ]

هێرا : نامەوێ ، زۆرم بینیوە ، هەموو ڕۆژێك دیومە ، هەموو چاو تروکانێك وام لێ هاتووە ، قینم لە چاوی خۆمە کە ئەشکەنجەم دەدا .

منداڵەکە : تۆ پیاوێکی باشی ... ڕاوکردن دەزانی ؟ من زۆر حەزم لێیەتی . خۆزیا تۆ باوکم بوویتایە . من بەبێ باوکم ... منداڵەکانی ئێرە نە باوکیان هەیەو نە دایك . برادەکانم دەڵێن ئێمە هەموومان باوکمان هەبوو . بەلام من بڕوایان پێ ناکەم ... ئێمە کوڕی دەوڵەتین

[هێرا خۆی لەدەست منداڵەکە دەردەهێنێتو لێی دوور دەکەوێتەوە . یان دەورو خولی دەدا . بە جۆشو سۆزێکی ئەوەندە بە ژانەوە قسە دەکا ، هەروەك بلێ ی شیوەنی هەموو جیهان بکا]

هێرا : ساسۆ ... من باوکتم .

بەلام شەیتانێك کەوتۆتە نێوانمانەوە . کوڕەکەم وامان لێ هاتووە کەسمان کەڵکی ئەویترمان پێوە نەماوە . من لە پاش یەك دوو ساڵی دی دەمرم .

دایکیشت ناتوانێ بڕوا بکا .. کـە تۆ خـۆتی . لە پاش ئەوەی هیوا براو دەبێ لە مانی کوڕەکەی جارانی بەم داخەوە دەمرێ ، لە پێش ئەوەی بە مردنی خۆی بمرێ . لە دوای ئەمە ، من چیم هـەیە پیشکـەشی توی بکـەم نەدەستم دەڕوا خواردن و پێویستیت بۆ دابین بکەم ، نە دەتوانم فێری خوێندن و نووسینت بکەم .
من هەژارو .. نە خـوێنەوارم . خـۆت ووتەنی « ئێمـە هەموومان پێکراوین » بەڵام لەڕاستیدا ئێمە هەموومان مردووین .
حاڵی تۆ لێرە باشترە لەوە کە لەگەڵ ئێمەدابی .
وەکوو ئێمە دەربەدەر دەبی ... خواردەمـەنی یەکـەت وەك ئێمە بە سواڵ کردن پەیدا دەکەی .
تۆ لێرە لەناو کەسانێکی وەك خۆت دا دەژی ی کە تێیان دەگەیت و ئەوانیش لە تۆ دەگەن .
بەڵام لەوێ ڕۆڵەکەم .. بینینەکان هـەموو دڵ ڕەقـانە دەڕوانن تـوندو تیـژن ، بێزیـان لێت دەبێتـەوە ، لێت دەترسن ، سەریان گێژ دەخوا . وادەزانن تۆ ناقۆڵای و لە قبووڵکردن نەهاتـووی . شتێکی لەش شێواوو پێست پیسی . نە منداڵێکت دەس دەکەوێ یاری لەگەڵدا بکەی و نە پیاوێك پیتێکت فێربکا .

منداڵەکە : لە کوێی ... بۆ کوێ چووی ؟

[هیرا بە جۆرێك دەست لە منـداڵەکە وەر دەهێنێ هەروەك بیەوێ بیخاتە ناو دڵیەوە]

هیرا : ئەمەتام ... لێرەم ... ئەی خۆشەویستم .

[منداڵەکە دەست لە لێوەکانی هیرا دەدا]

منداڵەکە : کە تۆ قسە دەکەی واهەست دەکەم کە دەنگت بە ناو لەشـمدا دەڕوا ... دەنگت وەك بخـووری نـاو پەرستگاکـانی بوذا هێمنـەو وەك برووسکـەی ناو دوڵەکان دەنگ دەرەوەیە .
ئایا نوێژ دەکەی ؟... بێگومان تۆ نـوێژی مـەزن دەکەی .

هیرا : ئەوە نوێژی دوا ڕۆژمە کوڕم .

منداڵەکە : دەزانم تۆ نوێژ دەکەی ... پیاو چاکان هەمیشە ئەمە دەکەن

هیرا : لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز شتێك لەم جیهانە ناگۆڕن .

منداڵەکە : خۆزگە دەخرانی دەم و چاوت چۆنە .

هیرا : ئای کـە تەنیـایی یەکـەت سەختـە ، بەڵام لەگـەڵیدا ڕاهاتووی . دایکیشت تەنیا لەناو ئەقڵی خۆیدا ، لەگەڵ ڕابـردووی منـداڵیتدا دەژی . لەپێش ئـەوەی بـەم ـ گۆڕن .
وەرە کورم با ماچت کەم ... بەڵام تۆ ماچم مەکە . من پیاوێکی بێ دەسەڵات و بێ توانام .. لەبەر ئەوە من بێ فەرم ، شایانی ئەوە نیم کە تۆ ماچم بکەی . بهێڵە بـا ماچت بکەم ... بەڵام هەرگیز تۆ ماچم مەکە تەنانەت لە خەوەکانیشتدا چونکە من شایانی ئەو فەڕو پیتە نیم

[هیرا دوور دەکەوێتـەوەو هەردوو دەستی لە سەرسەری منداڵەکە بەرز دەکاتەوە هەروەك ئەوە کە دوعای بۆ بکا]

ئەی خۆشەویست ترین کەس . وامن دەت دەمە دەستی بوذا . ئەمە لەوانەیە کە وام لێ بکا خۆشم بوێ ، یان ئەقڵ مەندی یەکەی تێ بگەم .

[هیرا بەسەر منداڵەکەدا دەچەمێتەوەو هەموو شـوێنێکی دەم و چـاوی مـاچ دەکـا . منداڵەکـە بـە خۆشەویستی یەکی سادە ، دەستی لە مل دەکا . خـا برین پێچەکەی لەگەڵ سودا چووبوو دێتە ژوورەوە]

خا برین پێچ : گەورەم ، منداڵەکە زۆر سەخڵەتی نەکردووی . داوای لێ بـووردن دەکـەم . چـونکـە من بـە خێزانەکەتەوە خەریك بووم .

هیرا : ئەدی ئەو لە کوێیە ؟

خا برین پێچ : هاتەوە هۆش خۆی و ئێستا ئەی هێنن . ئێستا دەبێ منداڵەکە ببەمەوە .

[دەستی منداڵەکە دەگرێت و دەیەوێ ببیات ... بەڵام شتێکی بـە بیر دێتـەوەو ئاوڕ دەداتەوە]

گەورەم ناسیتەوە ؟ . ئایا لات وایە کـە ئەمـە کوڕە وون بووەکەی تۆیە ؟ ●

[هیـرا قسە دەکـا ، وەك ئـەوە گیـان بدات]

هیرا : نەخێر ... ئەمە ... کوڕی من نی یە .

خا برین پێچ : ئەمەکوڕی دەوڵەتە .

[دەستی مندالەکە دەگرێو لەگەڵ خۆیدا ڕای دەکێشێت . مندالەکە سەری بۆلای هیرا دەسووڕێنێو ڕۆیشتنەکەی لێ تێك دەچێ خابرین پێچەکە کە ڕۆیشتن بە پەرۆشە مندالەکە ڕادەکێشێت]

مندالەکە : سایونارا

[کاتێك هیرا گوێی لەم قسەیە دەبێ ... لەشی گرژ دەبێ وەك ئەوە کە دڵی دەربهێنرێت . هەناسەکانی تێك دەچن . وەك گرمە گرمی هەوریان لێ دێ . هەردوو دەستی بەرەو ڕووی مندالەکە ڕادەکێشێت . بەلام لە پاشان خۆی دەگرێتەوەو بەسەر هەلچوونەکەیدا زاڵ دەبێ ، خا برین پێچو مندالەکە لە بەرچاو وون دەبن .

هیرا خۆی پێناگیرێو بەبێ جووڵە لەسەر کورسی یەکدا دەنیشێت . سو کە دەستی لەسەر شانی برین پێچێکی ترە ، دێتە ژوورەوە هەندێ توانای جارانی هاتۆتەوە بەر .]

سو : ئەی هیرا .... ئایا .... ئایا ڕۆیشت ؟

هیرا : [هەردوو دەستی سو دەخاتە نێوان دەستەکانیەوە] بەلێ ئەی سو مندالەکە کوڕی ئێمە نەبوو .

سو : [لەپاش تاوێ بێدەنگی] من دەمزانی .

هیرا : بیست دالدەخانەی ترمان ماوە ... بۆی بگەڕێین .

سو : من دەمزانی ... دەمزانی ئەوە ساسو نی یە .

[لەو کاتەدا هیرا بە گریانێکی جەرگ بڕ دەگری ، پەردە دادەدرێتەوە] .

ـ ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ـ 1982

پەراوێزەکان :

(1) خاتوونی برین پێچ .

(2) مەبەست لەوە نی یە کە کەڵكو خێری ژیانیان پێوە نەمابێ . ئەمانە هەر نەبێ بۆ دادانی دەرس و پەندی کاریگەری مرۆڤی لە خۆبایی بوو ، بۆ ژیان بە کەڵکن .

(3) مەبەستی ئەو دووعایەی عیسایی یەکانە کە دەڵێ : (وعلی الأرض السلام) .

(4) نوێژێکی تایبەتی یە .

○

گۆڕینی کەمال جەلال غەریب

○

شوێن بریتیە لە کارگەیەکی کۆن ، کورەو بۆتە (بودقە)و چەوتەك (معوجە) و دەزگای دلۆپاندنو موشە دەمەی تیادا پەرش و بلاو بۆتەوە ، لە نێوانی ئەم شتانەدا ، پیاوێکی پیرخۆی بە سەر قازانێکی گەورەدا چەماندۆتەوە ، قازانەکە نزیکەی دوو هەزار هێلکەی تیادایە ، مامەی پیرە دەیان کولێنێت ، دوای ئەوە بە شێنەیی پاکیان دەکات ، ئنجا توێکڵەکان کۆمەڵ دەکاتو لە دەفرێکدا لە سەر گڕێکی هێمن گەرمیان دەکات بۆ ئەوەی مادەیەکی سپی شێوە بەفری لێ بەدەست بکەوێت . کەمێك لەولاوە پیاوێکی تر خەریکە سپێنەو زەردێنەی هێلکەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوەو لە گەڵ تەرسی ولاخدا تێکەڵیان دەکات ، ئنجا هەردووکیان پێکەوە دەست دەکەن بە گەرم کردنو دلۆپاندنی ئەم شتە سەیرانەو بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام دەبن . مەبەستیشیان لەمە ئەوەیە کە شلەیەکی سپی نهێنی سەیرو ڕۆنێکی سوریان دەست بکەوێت کە گۆیا بەم دووشلە توێنەرە بە هێزانەی کە هەمووشتێك دەتوێننەوە (بەردی فەیلەسوفەکانیان) چنگ دەکەوێت ، بەردی فەیلەسوفەکانیش ئەو بەردەیە کە گۆیا ئەگەر لەکانزا بێبەهاکانی (هەرزانەکانی) وەکوو قوڕقوشمو تەنەکە بخرێت دەیانکات بە زێڕ . ئەوڕۆژەی کە پێویستبوو ئەنجامی ئەرکەکەیانی تیادا دەربکەوێت واخەریکە نزیك دەبێتەوە ، ئەم ڕۆژشیان وەکوو ڕۆژەکانی تر بە هەناسە بڕکێو دڵ تەنگیو ئاوات خواستنو دلە لەرزی بردە سەر بێ ئەوەی هیچ جۆرە سەرکەوتنێك بهێننە دی . بۆچی ؟ چونکە (بەردەکەیان) مانی گرتوەو نایەوێت هیچ جۆرە کانزایەکی بێ بەها بکات بەزێڕ . پیاوە پیرەکەیان لە پێشدا بە شێوەیەکی نهێنی لەسەر قسەی کیمیا گەرە کۆنەکان دەستی بە ئیشکرد ، چونکە زانا کیمیا گەرە کۆنەکان دەڵێن : توخودا بە ئاسانی دروست کردنی زێڕ واتان لێ نەکات لە خۆتان بایی بنو نهێنی ڕێگەی دروست کردنەکەی لای خەڵقی ئاشکرا بکەن ، هەرکەشێك بێت ، نەژن